# بەرنامەی ئاوەدانی

ئایا حەزدەکەیت بە دەستی خۆت ئیش بکەی؟
ئایا حەزدەکەیت کارێک بکەی کە خو رەوشتی پیشەی کۆنی تێدابیت؟
ئایا حەزدەکەیت ئیش لەگەل خەلک تری بکەی، بەلام وەکو پسپورێک لە بوارەکەت؟
ئایا دەتەوێت لەدوای کارێک بگەرێیت یەکسەر پاش تەواوکردنی قوتابخانەی دواناوەندی، بەلام هێشتا هەلت بەدەستە بو بەردەوامی بوون بە خوێندن؟
ئایا حەزدەکەیت هەلی کار یان خوێندنت دەست کەویت لەدەرەوەی وولات؟
کەواتە لەوانەیە بەرنامەی ئاوەدانی بۆت گونجاو بێت.

لەبەرنامەی ئاوەدانی فێربوونی بناغەی هەمەجور لە ژمارەیەکی زور لە پیشەی کە دەکەوێت لەسەر رەوشتی کۆن دەبێ. لەهەمان کات فێری پیشەیەک لەبواری کارێکی لە گەشەپێدانێکی بەردەوام بێ. فێری لەبەرچاو گرتنی ژینگە دەبی بەشێکی گرنگە لەم بەرنامەدا. کارکردن لەبواری ئاوەدانی زۆر جار لەگەڵ تیمێکی کاردا دەکرێت. دەتوانی پسپوری پەیدابکەی و شارەزایێ لە بوارێکی تایبەت لە ئیش کە هەست بەخوشی دەکەی کاتی ئەنجامی دەدەی، بەلام هەروەها فێری هاوکاری و تێگەیشتنی تەواوی کردەوەی ئاوەدانی دەبی.

بواری ئاوەدانی بوارێکی جیهانیە، بەرێگای شارەزایی زمان و لە یەکتر تێگەیشتن و گوێدان بو کەلتوورەکانی تر، چەندین هەلی چاک بو کار یان بو خوێندن لەدەرەوەی وولات لە پاش تەواو بونی خوێندن بە بەرنامەی ئاوەدانی دەستت دەکەوێ.

## کارکردن یان بەردەوام بوون لەخوێندن

ئەگەر هاتوو بەرنامەی ئاوەدانیت هەلبژارت دەتوانی لەدوای کارێک بگەرێی یەکسەر دوایی قوتابخانەی دواناوەندی. جۆری کار کە دەتوانی لەدوایی بگەرێیت دەوەستێت لەسەر ئەو پسپورەی کە هەلبژاردت. زۆر جار دەست دەکەیێ بەکار وەک مەشقپێکراوێک لەسەر پیشەکە. بۆ ماوەی سالێک یان چەندین سال. مووچەی مەشقپێکراو لەسەر پیشەت پێدەبەخشری و کاردەکەیت لەگەڵ کەسانی مومارس لە پیشەکە تا لیانەوە فێر بیت. چونکە ئەم کەسانە شارەزایی تایبەتیان هەیە وکاردەکەن لە بواری تایبەتی یەکەت بۆ ماوەیەیکی درێژ.

ئەگەر حەزدەکەیت دەتوانی بەردەوامیش بدەیە خوێندن لە دوایی قوتابخانەی دواناوەندی.
دەتوانی فێرکردن لە پەیمانگایی پیشەیی بالا یان خوێندن لە زانکو یان پەیمانگایی خوێندنی بالا هەلبژێری.

## ئەو کارانەی کە دەتوانی بەدەستی بێنی

کاتێک کە لە خوێندن لە بەرنامەی ئاوەدانی تەواو دەکەی بو نموونە دەتوانی لە دوایی کارێک بگەرێی وەک کرێکاری تونێلەکان، کرێکاری ئاوەدانکردنەوە، کرێکاری رێگاکان، کرێکاری کونکریت، ئاسنگەری ئاوەدانکردنەوە یان ساردکردن، تەکنیکی ئاوەدانی، تەکنیکی شوشە، کرێکاری زەوی، کرێکاری کون کردن لە ناو کونکریت، دروست کردنی دیوارەکان،کرێکاری بویاغ، دامەزرێنەری موزاییک، دانانی بەرد، کرێکاری لێکدانی سکەلەکانی ئاوەدانی، ئاوەدانی سەربانی دووەم، دروست کردنی سەربان یان فرۆشیاری کەلوپەلی ئاوەدانکردنەوە.

## ناوەرۆکی بەرنامە

بەرنامەی ئاوەدانی پێکدیت لە چەندین خولی خوێندن. هەندێک لەم خولانەی خوێندن بەزۆرە بۆ هەمموو قوتابیان لە قوتابخانەکانی دواناوەندی. لەکاتێکدا خولی تر هەیە کە تایبتمەندە بە بەرنامەی ئاوەدانی. و هەندێک خولیش بەخۆت هەلیدەبژێریت.

بەرنامە چوار بواری تایبەتی نشتیمانی هەیە. بە واتا هەمموو ئەوانەی بەرنامەی ئاوەدانی لە هەمموو وولات دەخوێنن دەتوانن لە نێوانیاندا هەلیبژێرن. لە هندێک ناوچە دا لەوانەیە چەند بواری تایبەت هەبێت کە لە وانەیە بۆت گونجاو بێت بە تەواوی. پرسیار لە سەرپەرشتی خوێندن و هەلبژاردەکانی پیشەیی بکەن!

پسپورەکانی نیشتمانی ئەمانن:

- ئاوەدانی – بو تو هەیە کە دەتەوێت ئیش بکەی بو نموونە لەگەڵ رێگاو و بان، هێلی ئاسنی شەمەندەفر، پردەکان، ئاوەرو، باغچەکان یان گورەپانەکان
- دروستکردنی خانو – بو تو هەیە کە بتەوێت پسپوری لە کاروباری دارتاشی وەرگری، کونکریت یان دروستکردنی دیوارەکان یان هەر تایبەتمەندیەک لە بوارێکی دەستنیشانکراو.
- بویاغ کردن – بو تو هەیە کە ئیش بکەی لە بواری بویاغ کردنی بنایاکان لە ناوەوە و لە دەرەوە یان بۆت هەیە کە گرنگی بدەی لە بواری بویاغ کردن.
- ئاسنگەری – بو تو هەیە کە دەتەوێت فێربوونی بناغەکانی ئاسنگەری ببی و دوای ئەوەش فێری ئاسنگەری بیناکان یان ئاسنگەر فینکردنەوە ببێ.

**پەیوەندی لەگەڵ ژیانی پراکتیک**

لە بواری بەرنامەی ئاوەدانی دەتوانی پەیوەندی لەگەڵ ژیانی پیشەیی لە کاتی خوێندن لە قۆناغی دواناوەندی. بە بەلایەنی کەمەوە 15 هەفتە لە مەشق پێکردن دەست ئەکەوێت لە شوێنی کارکردن(APU). قوتابخانە هەلدەسێت بە هاوکاری کومپانیەکانی هەمە جور و شوینەکانی کار بە ئامادەکردنی شوێنی راهێنانی کار بۆت لەو ناوچەی کە تێدا دەژیت. ئەمەش ئامرازێکیی باشە یارمەتیت دەدات بتوانی پەیوەندی ببەستی کە ئەتوانی بەکاری بهێنی کاتی پێشکەش کردن بۆ کارمەندایتی لەپاشان. ئەگەر ئەتەوێت هەلسی بە مەشق کردن لەشوێنیکی کارکردن لە وولاتیکی تر جگە لە سوید دەکرێت ئەوە رێک بخرێت.

**ئایندەو و هەلی کار**

پێویستیەکی زۆر بە کرێکاری ئاوەدانی لە هەمو قوناغەکانی کردەوەی ئاوەدانی هەبوو. و تا لە دووا روژیش داواکاری لە سەر دەرچووانی بەرنامەی ئاوەدانی هەیە. لە کاتی ئێستا دا بواری ئاوەدانی پێشکەوتنەکی زۆر لە سوێد بە خۆیەوە دەبینیت بەلام لە هەمو ولات دەست ناکەویت بەلکو بە تەنیا لە شارەکانی گەورە دەبیت. بۆیە دەبێت خۆت ئاماد بکەیت بو گواستنەوە یان رویشتن بو شوێنی کار لە ناوچەیەکی دوور لە جێگای نیشتەجیبوونت. بواری ئاوەدانی هەستیارە بو گورانکارەکانی بازار. لە بەر ئەوە زەحمەتە بلێین کەوا ئاساندەبیت یان لە سەر تو زەحمەت دەبیت کە کارێکت بە دەست بکەوێت لە دوای کوتایی هاتن بە بەرنامەی ئاوەدانی.